Dengekan

# ئەوروپاو ئامادەگی شانۆی کوردی

**نووسینی**: **عەواد عەلی**
***و: سەنگەر زراری***
[Sangarz81@yahoo.com](mailto:Sangarz81@yahoo.com)

لەنێو شەپۆلی ئەو کۆچبەر و رەوەندە عێراقییانەی کە لە سێ دەیەی رابردوو بۆ کیشوەرە پڕدانیشتوانەکانی جیهان دەکرا، رێژەی شانۆکاران (بە ئەکتەر و دەرهێنەر و رخنەگر)ەوە کەم نەبوون، بە ناچاری و بە دڵێکی پڕ لە خەفەتەوە لە باکوور وناوەراست و باشووری عێراقەوە دەردەچوون و ئەو بەهەشتی عەدەنەیان بەجێدەهێشت کە رژێمی پێشوو پڕی کرد لە گەندەڵی و زەوی و گیان و بەهاکانی وێران کرد، دەربەدەری وڵاتانی نامۆ و بێگانەی کردن، سەرەڕای هەبوونی رێز و بەهای مرۆییان لەناو ئەم وڵاتانە و تێکەڵبوونیان بەم کۆمەڵگایانە و دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆیان، هەندێ لەو شانۆکارانە هەوڵیاندا کە لە کارە داهێنەرانەکانیاندا بەردەوام بن، چ لەمیانەی دروستکردنی گروپ و کۆمەڵەی شانۆیی و نووسینی شانۆییەوە بێت، یان بەهۆی بەشداریکردنیان لە کار و بەرهەمی گروپەکانی ئەو وڵاتانەی کە تیایدا دەژیان، ئەویش پاش ئەوەی کە زمانەکانیان فێردەبوون.

گروپی شانۆیی "لالش" کە نیگار حەسیب قەرەداغی و شیمال عومەری مێردی بەڕێوەی دەبەن (هەردووکیان خەڵکی سلێمانین و لە هەشتاکاندا ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدایان تەواو کردووە) یەکێکە لە گرنگترین گروپە شانۆییەکانی کوردی لە ڤییەننا، لە ساڵی (1998) وەکو ناوەندێك بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی و رۆشنبیری لێهاتووی شانۆیی دروست بووە.

ناوی "لالش" بە مانای "ژیانێکی رووناك" دێت، ئەمەش لە ناوێکی کۆنی کوردییەوە وەرگیراوە و ئاماژەیە بۆ پەرستگای ئایینی یەزدییەکان. ئەم گروپە دوا بەدوای گروپی شانۆیی ئەزموونگەری کوردی هات کە شیمال و نیگار لەساڵی (1992)دا دروستیان کردبوو، راستەوخۆ دوای ئەوەی کە وەکو کۆچبەر گەیشتنە نەمسا، لە شارەکانی نەمسا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و دانیمارك و سویسراو بەریتانیا دەستیان کرد بە نمایشکردن، لەوێ رەوەندێکی زۆری کۆچیەری کوردی دەبینرا، پاش ئەوەی گروپەکە بە هۆی ئەزموونە شانۆییەکانەوە شارەزایی پەیدا کرد و لەگەڵ ئەزموونە شانۆییەکانی ئەوروپا بەریەککەوتن، بیرۆکەی دامەزراندنی شانۆیی "لالش" دروست بوو، شانۆیی "لالش" وەکو شیمال ونیگار دەڵێن: گروپێکی جیهانییە و ئەوهونەرمەندانەی کاری تێدا دەکەن، سەر بە کەلتوور و کۆمەڵگا جیاوازەکانی وەکو عەرەب و کورد و ئەڵمان و نەمساوی و فەرەنسی و هی دیکەن، ئەزموونە شانۆییەکانیان لە ژمارەیەك شانۆی جیهانی نمایش کردووە، لەوانە؛ شانۆیی "دۆم بییر"ی فەرەنسی و "گۆت هارد"ی سویسری و "بەرلین" ئەڵمانی و "ئیکواهاما"ی یابانی، بەڵام لە نەمسادا چالاکییەکانی ئەم گروپە زیاتر ئیش لەسەر کارلێکی شارستانییەتەکان و "بەیەکگەیشتنی کەلتووریی" دەکات، بۆنموونە؛ "داستانی گلگامێش"یان بە تێڕوانینێکی نوێ و جیاواز لە شانۆییە کلاسیکییەکە پێشکەش کرد، سەرەڕای پێشکەشکردنی ئەزموونی شانۆیی هاوبەش لەگەڵ دامەزراوە نەمساوی وئەوروپییەکان کە ئەمەش گرنگی و قورسای خۆی هەیە، لەوانە زانکۆی ڤییەننا، زانکۆی کریمس، مەڵبەندی توێژینەوەی زانستی، پەیمانگای زانستی شانۆگەری و فیلم و راگەیاندن، تاقیگەی باراتە و چەندین دامەزراوەی تر، هەروەها نیگار و شیمال دەزگایەکی شانۆییان دامەزراندووە بۆ ئامادەکردنی بەشداربووانی گروپەکە و قوتابیانی شانۆ لە میانەی راهێنانیاندا کە دەنگ و نمایشکردن و جوڵەی جەستە دەگرێتەوە، ئەوان چەمکی "لێهاتوویی شانۆیی" بەسەر چەمکی "نمایشی شانۆیی"دا فەرز دەکەن، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە شانۆ، پرۆسەی خەلقکردن و بەیکگەیشتنە لەگەڵ مرۆڤدا، بۆیە بەیەکگەیشتن شێوە و ئاراستەی جیاوازی هەیە، لێرەوە ئەمانە بە قەدەر ئەوەی هەوڵدەدەن بۆ خۆسەلماندن و یادەوەری تاك و کۆ، ئەوەندە هەوڵ نواندنی ئەویتر، یان نواندنی کەسایەتی پێشتر نووسراو نادەن، ئەوان گوتەی "ئاهەنگساز" لە جیاتی "نمایشکار" بە کار دەهێنن، ئەمەش لەگەڵ ئەو گوتەیەدا یەك دەگرێتەوە کە شانۆیی ئاهەنگسازی لە مەغریب کاری پێدەکرد، جا ئەمانەش هەمان مەبەستیان هەبێت یان نا.

بیرۆکەی ئەزموونگەری لای ئەم دوو شانۆکارە، لەسەرەتای خوێندنی زانکۆیانەوە دروست بوو، لە بیرمە کە لە ناوەراستی هەشتاکاندا لە کەرکووك ئەزموونێکی کاریگەری ئەوانەم بینی لەگەڵ دەقی "لە چاوەڕوانی گۆدۆ"ی "بیکیت"دا، شیمال عومەری دەرهێنەر، رۆڵی هەردوو کەسایەتی پیاو "ڤلادیمێر"و"ئیستراجون"ی گۆڕیبوو بە ئافرەت و هەردوو هونەرمەند نیگار و فرمێسك مستەفا رۆڵەکانیان وەرگرتبوو. ئەوکات وتارێکی رەخنەییم دەربارەی ئەزموونەکە نووسی و ئاماژەم بەوەدا کە روانگەی دەرهێنەر پێمان دەڵێت: بوونەوەری مرۆیی بەگشتی نەك تەنها پیاو (وەکو بیکیت دەڵێت) بەدەست بێکەڵکی و ناکامی و شەڕەکانەوە دەناڵێنن و هەست بە بێسوودی دەکەن. ئێستا بۆم روون بۆتەوە کە ئەگەر ئەم ئەزموونە لە روانگەی ئافرەتانەوە سەیر بکرێت، خوێندنەوەکە دەگاتە بەرهەم و دەلالەتی گرنگ.

پاشان لە ساڵی (1987)دا لە سلێمانی ئەزموونێکی ترم بینی کە دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی نیگار و میدیا رەووف بوون، ئەویش "لە چاوەروانی سیامەند" بوو، فەزای نمایشکردنەکەی ژوورێکی بچووك بوو، لە ناوەراستی ژوورەکەدا تەختەیەکی لاکێشەیی هەبوو، تەختەکە دووباڵی وەکو خاچی هەبوو، بە رووپۆشی قوماشێکی روون داپۆشرابوو، کە جارێك دەگۆڕا و دەبوو بە کفن و جارێکی تر لە بەر چاو دەبوو بە رووپۆشێکی بەرجەستەکەری رووتی، جاری سێیەم دەبوو بە چارۆگەی کەشتییەکی بەرز، ئەمە سەرەڕای ئەو مەدلوولە هەستییانەی ئەم دوو هونەرمەندە لە رێگای سیمبولە نادیارەکانەوە ئامادەیان دەکرد، سیامەندی پیاو، خۆشەویست، هیواخواز، رزگارکەر، خەون، نیشتمان و... بە نواندنێکی جەستەییانەی روون و شاعیری، نمایشیان دەکرد، ئەم ئەزموونە یەکێکە لەو ئەزموونە زۆرانەی کە شانۆی عێراقی لە هەشتاکاندا بە خۆیەوە بینی، ئەویش لە کۆنتێکستی سیمبولی نزیك لە بابەتی چاوەڕوانی ئازاربەخش و بێهیوایی و گەڕان بە دوای فریادڕەس و رزگارکەر، لەو وێرانییە گشتییەی کە عێراقییەکان لە ژێر چەوساندنەوە و جەنگدا تێیدا دەژیان، لەوانەش کە بیرم بێت "وێردی کورسی لەرزۆك" و "پرسیارە شانۆییەکانی" عەونی کرومی و "سلاوت لێبێ ئەی دلنیایی"عەزیز خیون.